
# نوێژکەرێک

ئێدوین مارکهام
له ئینگلیزییەوە: عەزیز ڕەئووف

خودایە فێرمکە چۆن دەڕۆی
نەرم وەك هەنگاوەکانی گەشەی گیا
هێمن وەك ڕۆحم کە بە شۆك ئاشنا دەبێت
لە دنیایەکی دڵرەق وەك بەرد
بەڵام ڕۆحم بەرگەی هێز دەگرێت
ساکاریشە وەك سادەیی گوڵ
لێگەڕێ دڵی وشك پەرداخەکەی پڕ بکات
وەك چۆن گوڵە خەشخاش هەڵدەگەڕێت
لێگەڕێ ژیان گوڵ لەسەرنێت
کاتێك دڵی پڕ دەبێت لە شەونم
ژیانی نوێ دەبێتەوە



خودایە فێرمکە چۆن بم
بە ڕەحم و بەزەیی وەك درەخت
بە جۆش و خرۆش وەك گۆرانییەکی هێمن
نیوەڕوان لەژێر سێبەری داربەڕووەیکدا
یان جوانیی برۆیەکی چەماوە
ڕەشاییەکانی ژێر چادرێکی ساردوسر
هەروەها لێمگەڕێ لە پنتێکدا دڵخۆش بم
مەزرایەکی داپۆشراو یان باخچەیەکی بێ گوڵ
شوێنی ڕۆحە گەڕۆکەکان کە بتوانن پشووبدەن
خودایە بمخە سەر ڕێگایەك
باشترین ڕێگا.

ئێدوین مارکهام لە 23ی ئەپرێلی 1852 لە ئۆرگۆن لەدایکبووە. لە تەمەنی زۆر منداڵییەوە خێزانەکەیان ڕوو دەکەنە کالیفۆرنیا. خوێندنی ناوەندی و ئامادەیی هەر لە کالیفۆرنیا تەواو کردووە و دواجار هەر لە زانکۆی کالیفۆرنیا وەرگیراوە و بڕوانامەی لەو زانکۆیە بەدەستهێناوە. دوای ئەوەی مارکهام زانکۆ تەواو دەکات هەر لە کالیفۆرنیا دەبێت بە مامۆستا و تا ساڵی 1899 لە چەندین قوتابخانەی ئەو ناوچەیەدا وانەی وتووەتەوە، بەڵام کاتێك مارکهام شیعرێکی بڵاوکردەوە بەناوی " The Man With the Hoe " ئیدی بە شێوەیەکی فراوان ناوبانگی بڵاوبۆوە. ئیدی ئەم شاعیرە بەردەوام دەبێت لە نووسینی قەسیدەکانی و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستدا دەبێتە یەکێك لە شاعیرە بەناوبانگەکانی ئەمریکا. مارکهام لەدوای ئەوەی ناوبانگێکی فراوان لە بواری شیعر نووسیندا بڵاودەکاتەوە کالیفۆرنیا جێدەهێڵێت و ڕوو دەکاتە شاری نیۆیۆرك و لەوێ بەردەوام دەبێت لە شیعرنووسین. مارکهام ساڵی 1940 کۆچی دوایی کردووە.